## المركبات الصالون والصغيرة والدراجات ( 6 )

| المركبة | محاور | محرك | الاجور (الفحص الاول)/ دينار |
|---|---|---|---|
| صالون | — | محرك4 سلندر | 20000 |
| | | محرك6 سلندر | 23000 |
| صالون | 4 x 2<br>4 x 4 | 4 راكب | 20000 |
| | 2 x 2<br>4 x 4 | 7 راكب | 23000 |
| بيك اب | 2 محور | محرك لغاية4 سلندر | 20000 |
| دراجات الالية الصغيرة | | | 5000 |
| دراجات الالية المتوسطة و دراجات ذات العجلات الثلاث | | | 8000 |
| دراجات الالية الكبيرة مع دراجات ذات اربع عجلات | | | 10000 |

**وەزارەتی داد**

**ژمارە :** 1640 **لە** 2014/11/25

### بەیانی ژمارە ( 10 ) ساڵی 2014

**پاڵپشت بە حوکمەکانی مادده (یەك) لە یاسای دادنووسی ژمارە (33)ی ساڵی 1998 بڕیارماندابە:-**

**دیاریکردنی کاتی دەوامی فەرمانگەی دادنووسی ئێواران بەم شێوەیەی لە خوارەوە دیاریکراوە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە :-**

**1-لەبەرواری (4/1) تاوەکو (9/30) دەوامی فەرمی لە کاتژمێر (2)ی دوای نیوەڕۆ دەست پێبکات وە لە کاتژمێر (7) ئێوارە کۆتایی پێ بێت .**

**2-لە بەرواری (10/1) تاوەکو (3/31) دەوامی فەرمی لە کاتژمێر (1:30)ی دوای نیوەڕۆ دەست پێبکات وە لە کاتژمێر (5:30) ئێوارە کۆتایی پێ بێت .**

**سنان چلبی**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**بەیانی ژمارە ( 4 )ی ساڵی 2014**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (17) بڕگە (2) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (5)ی ساڵی 2010 وە بڕیارماندا بە :-**

**- هەڵوەشاندنەوەی ئەو دوو فەرمانگەیەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری کە لە خوارەوە ناویان هاتووە لە ڕێکەوتی (2014/12/31)**

**1-بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی /2 هەولێر**

**2-بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی /3 سلێمانی**

**ڕێباز محمد حملان**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**

**ژمارە:** 14681 **لە** 2014/11/4

**بەیان**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمادراوە لە ماددەی (10) لە برگەی (1و2) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (6)ی (ساڵی 1993)ی هەموارکراو وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە گەیشتنی ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی سەنگەسەر لە سنوری پارێزگای سلێمانی بۆ (23103) کەس بڕیارماندا بە :-**

**1- گۆرینی پلەی شارەوانی سەنگەسەر لە پلە (3) بۆ پلە (2) .**

**2- ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی رەسمیدا جێ بە جێ دەکرێت .**

**نەورۆز مەولوود محەمەد ئەمین**

**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15)ی ساڵی 2007 ، بریارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە ( 111 ) ساڵی 2014**